رۆمانێکی رۆماننووسی دیاری کورد عەتا نەهایی دەکرێت بەئینگلیزی

رۆمانێکی رۆماننووسی دیاری کورد عەتا نەهایی دەکرێتە بەئینگلیزی، "باڵندەکانی دەم با" دووەم ڕۆمانی نووسەرە و ساڵی 2002 چاپ بووە.

بەیارە ئەمساڵ چاپەمەنیی کامن نەشنز لە ئەمەریکا، رۆمانی "باڵندەکانی دەم با"ی عەتا نەهایی بڵاو بکاتەوە، ئەم ڕۆمانە چیا پەروەزپوور و حەری مەلەکی، لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی وەریانگێڕاوە.

بەگوتەی وەرگێڕەکانی، لە یەکی ئەیلوول رۆمانی "باڵندەکانی دەم با" لە زۆربەی وڵاتە ئینگلیزی زمانەکان بەردەست دەبێت.

بەگوتەی زۆرینەی خوێنەران و ڕەخنەگران "باڵندەکانی دەم با" باشترین ڕۆمانی نووسەرە، ئەگەرچی نەهایی ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"ی زۆرترین خوێنەری هەبووە و زۆرترین جاریش چاپ کراوەتەوە.

عەتا نەهایی لە ساڵی 1960 لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایك بووە، یەکێکە لە ڕۆمانووس و چیرۆکنووس و وەرگێڕە دیارەکانی کورد. لە ساڵی 2008 خەڵاتی ئەحمەد هەردیی پێ بەخشراوە و دوایین ڕۆمانیشی، ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە"ـیە کە لە ساڵی 2008 لە سلێمانی بڵاو بووەتەوە. "وشە" زانیویەتی رۆمانێکی نوێی نووسیوە، بەڵام تا ئێستە بڕیاری بڵاوکردنەوەی نەداوە.

نەهایی جگە لەوەی رۆمانووسێکی بەتوانایە، هاوکات چەندان شاکاریشی لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە و هەموو ئەو کارانەی کەلێنی گەورەیان لە کتێبخانەی کوردی پڕ کردووەتەوە.

کامن نەشنز چاپەمەنییەکی ئەمەریکییە و هەوڵ دەدات ئەدەبیاتی نەناسراو و پەراوێزخراو، بە دنیا بناسێنێت و لە زۆربەی وڵاتانی دنیاش خوێنەری تایبەتی خۆی هەیە.